# تیۆری فێربوونی کرداری سکینەر( 1904 - 1990 )

# تاقیکردنەوەی سکنر

# بیرۆکەی تیۆرەکەی سکینەر

- تیۆرەکەی سکینەر ناسراوە بە : مەرجی کرداری یـــــا مەرجی جێبەجێ کردن.

- گرینگترین شت لای سکینەر بۆ فێربوون بریتی بوو لە کردار ..

- ئەم تیۆرە پێ ی وایە کە زۆرینەی ڕەفتارە مرۆییەکان بەدەستهاتوون, وەکو کاردانەوەی ئەو وروژێنەرە هەمەجۆرانەی کە تاکەکەس بەدرێژایی ژیانی ڕووبەرووبیان دەبێتەوە, تاك بوونەوەرێکی پۆزەتیڤی خاوەن ئیرادەیە بەرامبەر ئەو ژینگەیەی کارلێکی لەگەڵدا دەکات و ڕێ و شوێنی تایبەت دەگرێتە بەر, ئەوەش لە پێناو بەرهەمهێنانی چەند شێوازێکی ڕەفتاری دیاریکراو کە پێیان دەووترێت ڕەفتارە کردارییەکان.

# تاقیکردنەوەکەی سکینەر

تاقیکردنەوەکانی سکینەر لە ژینگەیەکی داخراودا بە ئەنجام دەگەینرا کە ناسراوە بە سندوقی سکینەر، کەبە شیوەیەک دروستکرابوو، کە گونجاو بێت بو ئەو ئاژەڵەی توێژینەوەکای لەسەر دەکرێت. بۆنموونە بەجۆرێک بۆ مشک دروستکرابوو کەبەقاچەکانی بەرزکەرەوەیەکی (رافعە) دەجوڵاند و دواتر خواردنەکەی دەستدەکەوت، بەڵام سندوقی کۆتر بە جۆرێک دروستکرابوو کەدەنووکی دەدا لە شتێک دواتر خواردنەکەی دەست دەکەوێت، واتە بەو شێوەیە بونیاد دەنرا کە ئاژەڵەکە جۆرە ڕەفتار و هەڵس و کەوتێک بکات کە توێژەر مەبەستیەتی.



# بە بۆچوونی سکینەر دوو جۆر رەفتار و هەڵس وکەوت هەیە

1- وەڵامدانەوەیی (الاستجابي): بریتیە لەسەرجەم ئەو وەڵام و هەڵس و کەوت و ڕەفتاریانەی کە بەشێوەیەکی لەخۆوەکی بوونەوەری زیندوو بەرامبەر وروژێنەرە سروشتیە تایبەتەکان دەریدەبڕێ ، وەکو ( لیك رژاندن بۆ خواردن ، کرانەوەی بیلبیلەی چاو بۆ روونـاکی ) سەرجەم ئەو وەڵامانە بۆ ماوەیی و بایۆلوژین و مروڤ فێریان نابێت, هەموو وەلامدانەوەکان وروژێنەری تایبەت بەخۆی هەیە.

2- جێبە جێکردن و بە ئاکام گەیاندن (الاجرائي) : بریتین لەو رەفتارو وەڵامدانەوانەی کە تاکەکەس بەشێوەیەکی ئیرادی بەرامبەر بارودۆخ و وروژێنەرە جیاوازەکاندا دەیاننوێنێ, هەر لەبەر ئەوەیە وەڵامدانەوە تەوەری سەرەکی ئەم جۆرە فێربوونەیە ، وەکو: ( ڕەفتاری مرۆڤ لەکاتی نا نخواردن ) وەلامدانەوەکان وروژێنەری تایبەت بەخۆی نیە.

* سکینەر گرنگی یەکی زۆر بەجۆری دووەم دەدات هەر لەبەر ئەوەیە بە ڕەفتاری جێبەجێکردن و بەئاکام گەیاندن ( السلوك الاجرائی )

# هەندێك لە پرەنسیپەكانی تیۆرەكەی سكینەر

1- فێربوون دەرئە نجامی ئەزموون و هەوڵدان و ماندووبوونی فێرخوازەو بریتیە لە گۆرانكاری لە رەفتارو و وەڵامدانەوەكانی .

2- فێربوون پەیوەستە بە دەرئە نجام.

3- فێربوون پەیوەستە بە رەفتارو وەڵامدانەوەی بە ئاكام گەیاندراو و جێبە جێكراو ( السلوك الاجرائی ) كە دەمانەوێت بونیادی بنێین.

4- فێربوون لە رێگەی پالپشت و پاداشت كردنی ئەو رەفتارو هەڵس و كەوتە سەركەوتوانەوە دەبێت كە نزیكن لە وەڵامدانەوەی پێویست.

5- فێربوونی پەیوەست و هاوشانی سزاو ئازار ، فێربوونێكی نێگەتیڤە.

# بنەما سەرەکییەکانی تیۆری سکینەر

بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆری سکینەر چەندچەمکێکی سەرەکی هەن پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت:

**یەکەم/ پاداشت:** پاڵەوانی تاقیکردنەوەکی سکینەر بریتی بوو لە ( پاداشت - هاندەر).

بەبڕوای سکینەر کرداری فێربوون و فێرکردن لەئەنجامی پاداشتەوە بەدی دێن، واتا **پاداشت سەرچاوەو بنەمای گرینگە بۆ پتەوبوون و دووبارەکردنەوەی ڕەفتارو چەسپاندنی تابێتە بەشێك لەهەڵس و کەوتی مرۆڤ یا ئاژەڵ . مەبەست لە ( پاداشت ) هەر وروژێنەرێك یان ڕووداوێك ببێتە هۆی دڵخۆشی لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکان, ئەم دڵخۆشیەش ئەگەری بەهێزبوونی وەلامدانەوە زیاتر دەکات.**

واتا **بەهێزکردن و هاندان (التعزیز)** ڕۆڵی سەرەکی لە تیۆرەکەی سکینەر هەیەو زۆربەی فێرکردن و فێربوونەکان لەرێگای هاندان و پاداشت کردنەوە ڕوودەدەن. سکینەر لە سۆنگەی ئامانجی بەکارهێنانیانەوە ئاماژە بۆ دوو جۆر خشتەی هاندەر و بەهێزکردن دەکات کە ئەمانەن:

# جۆرەکانی هاندەرو پاداشت لای سکینەر

**أ- هاندەرو بەهێزکەری بەردەوام (التعزيز المستمر):** ئەم جۆرە هاندەرە کاتێك بەکاردێت کە ئامانج لێی دروستکردنی ڕەفتارێکی تازە بێت لەلای تاکەکەس, کەلەرێگای پرەنسیپی لێك نزیککردنەوەی دوا بەدوای یەکەوە بە ئەنجام دەگا, ئەوەش هەر جارێك تاکەکەس ئەو ڕەفتارەی نواند کە دەمانەوێت لەلای دروست بێت پالپشتیەکی پێ بدرێت.

**ب- هاندەرو بەهێزکەری پچڕپچڕ (التعزيز المتقطع):** ئەم جۆرە هاندەرە بۆ مانەوەو پاراستنی ئەو ڕەفتارە بەکاردێت کە درووست بووە لەلای تاك، کەتیایدا پاداشتی هەندێك ڕەفتارو هەڵس وکەوت دەکرێت و ئەوانی تر پشت گوێ دەخرێن و پاداشت ناکرێن . ئەم جۆرە هاندانە دەکرێتە دوو جۆر:

# جۆرەکانی هاندەروپاداشت لای سکینەر

1- هاندەری پچڕپچڕی ڕێژەیی (التعزيز المتقطع النسبي): ئەم جۆرە بریتیە لە پاداشت کردن و هاندانی ڕێژەیەك لە ڕەفتار و هەلس وکەوت بەلەبەر چاو گرتنی ڕێژەی گشتی هەموو ڕەفتار و هەلسوکەوتەکانی بوونەوەر ، بۆ نموونە پالپشت و هاندانی یەك وەلام و ڕەفتار لە کۆی ( 3 یان 4 یان 5 ) وەلاّم, واتە لە هەر 5 یان 6 ڕەفتار ئەوا یەکێکیان پاداشت دەکرێت, وەکو ( پێدانی کرێ بەکرێکار). ئەم جۆرە دوو شێوەی هەیە :

أ- خشتەی پالپشتی ڕێژەی جێگیر

ب- خشتەی پالپشتی ڕێژەی گۆڕاو

# جۆرەکانی هاندەرو پاداشت لای سکینەر

## 2- هاندەری پچڕپچڕی کاتی ( التعزيز المتقطع الزمني ):

ئەم جۆرە پاداشت کردن و هاندانە پشت بە کات دەبەستێ، واتە هەژماری ئەو کاتە دەکرێ کە دەکەوێتە نێوان پاداشتی یەکەم ودووەم بەبێ گوێدان بە ژمارەی ئەو وەلاّم و رەفتارانەی کەلەنێوان پاداشتی یەکەم ودووەم دا روودەدات, بۆ نموونە پاداشت کردنی ڕەفتار و وەلاّمێك دوای هەر چەند چرکەیەك یان چەند خوولەکێك ( 5 یان 10 یان 15 ) خوولەك یان دوای کاتژمێرێك یان زیاتر. دەکرێت پێدانی مووچەو کرێ بە پێی کاتژمێر وەکو نموونە بهێنرێتەوە بۆ ئەم جۆرە پاداشتە,

ئەمەش بریتی یە لە :

أ- خشتەی ماوە جێگیرەکان: پاش ماوەیەکی کاتی جێگیر پاڵپشتیەکە پێشکەش دەکرێت, بۆ نموونە هەموو هەفتەیەك یان مانگێك یان ساڵێك. وەکو پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەر .

ب- خشتەی ماوەی گۆڕاو: پاش ماوەیەکی کاتی گۆڕاو ناجێگیر پێشکەش دەکرێت, بۆ نموونە پێشکەشکردنی پاداشت و هاندانی فەرمانبەران.

# بنەما سەرەکییەکانی تیۆری سکینەر

**دووەم/ سزادان:** سکینەر لەو بڕوایە دایە کە سزادان کاریگەری کاتی هەیە و بۆ ماوەیەکی کەم ڕۆڵی هەیە و دوای ئەو ماوەیە کاریگەری نامێنێ, بۆیە زۆر پشت بەسزادان نابەستێ. پێی وایە لەبڕی سزادان هەوڵی بێبەشکردن لە پاداشت بکرێت.

**جۆرەکانی سزا لەلای سکینەر:** یەکەم: سزای پۆزەتیڤ دووەم: سزای نێگەتیڤ

# سووده پەروەردەییەکانی تیۆری سکینەر

1- بە کارهێنانی هاندان و پاداشتی پۆزەتیڤ بە پێی تواناو لە سنوری دیاریکراوو زانستیدا.

2- کۆنترۆل کردن و کەمکردنەوەی ئەو شتانەی کە دەبنە مایەی ئازارو هەست بریندارکردن لە ناو پۆلدا ، واتە کەمکردنەوەی سزادان.

3- گرنگی دان بە زنجیرەیی و بە دواداهاتنی هەنگاوو بەشەکانی هەر وەڵامدانەوەیەکی قوتابی و پاداشت کردنی و بەکارهێنانی ( فیدباك ) بۆ هەر بەش و هەنگاوێك .

4- نابێت مامۆستا هەلسوکەوت وڕەفتاری نادرووست بکات.

5-لە گرنگترین سووده پەروەردەیەکانی تیۆریەکەی سکنر ( فێربوونی پرۆکرام کراوە ).